# پیاڵەیەك تەماشا

کەریم کاکە

پیاڵە بەتاڵ لە چی!

ئەودەمانەی پیاڵە..پیاڵە

لە پیاڵەدا تیشك دەدەیتەوە،

تۆ رێك لە من دەچی

رێك لە من دەچی تۆ..

تەڕ تەڕ، تەڕتر لە من

بڕوانە ئاوێنەی ئەو پێكەی دەستم

لە تیشكدانەوەی پیاڵە

من رێك لە تۆ دەچم

رێك لە تۆ دەچم من..

من و تۆ تیشك..تیشك

پیاڵەی پڕ پڕ لە تیشكین..

بە سەر دەستی مەستانەوە، پیاڵە بەتاڵ لە چی!

** ** **

روو لە من

تەنكتر لە من

بە دەستی تۆوە

پیاڵە رژ..رژ رژا

روو لە تۆ

تەنكتر لە تۆ

بە دەستی منەوە

پیاڵە رژ..رژ دەڕژێ

لە تەماشای دیوی ئاوێنەوە، پیاڵە بەتاڵ لە چی!

** ** **

**پیالەیەك پڕ لە تۆ**

**پڕ لە من**

**بە دەستی هەردووكمانەوە ڕژا**

**من نەمدی... تۆ دیتت!**

**پیالە هیچی لێ نەڕژا**

**لە بەدمەستی پێش ئاوێنە، پیالە بەتاڵ لە چی!**

**تۆ دەبینی.. منیش دەبینم**

**تا پیالە بە دەستەوە بێ**

**تا دەست پیالە بگرێ**

**لە پیالەوە وەك پیالە تیشك دەدەینەوە...**

** ** **

**تا دەست پیالەو پیالە بكات**

**تا پیالە بڕژێ ڕژ.. ڕژ**

**تا پیالە تامی لێو بمژێ**

**وەك چۆن لێو پیالەی مژی،**

**لە پیالەوە مژ..مژ**

**جوانی دەمژین من و تۆ**

**لە بە ئاگاهاتنەوەی من لە تۆ، پیالە بەتاڵ لە چی!**

** ** **

**گەڕ.. گەڕ پیالە دەگەڕێ**

**بەتاڵ.. بەتاڵ پیالەی بەتاڵ**

**لە دەستی بایە، پیالە**

**لە دەستی خودایە، پیالە**

**من و تۆ دوو پیالەین، بەتاڵ..بەتاڵ**

**لە پیاسەی ئەو بەری ماچانەوە، پیالە بەتاڵ لە چی!**

** ** **

**پیالە چەندێ لە لێو نزیك بێتەوە**

**ڕوونترە،**

**تیشكهاوێژترە..**

**چەندێ لە پیالە نزیك بینەوە**

جوانتر دەبینەوەو

کوفری جوانیشمان پڕ نوێژترە..

نێوان لێو و پیاڵە رێگای درەوشاوەی پەرستگایە

پەرستگای دوو دەرگا

دەرگایەك لێوی ناوە

دەرگایەك پیاڵە

لێومان چ پیاڵەیەکی پڕ نیگایە

پیاڵەی دەستمان لێوانلێو لێوە

دلۆپ..دلۆپ گوتەی خودایە

گوتەی پێچراو بە بۆنی سێو..

بە شەرمەوە، شەرمی پڕ لە تامی سێو:

بەهەشتمان ناوێ خودایە،

لێرە جێمانبهێڵە

بەو زمانەی سێو لەگەڵ سێو دەدوێ

پیاڵە بە لێو و لێو بە پیاڵە دەڵێ:

تەماشا، تەماشا..

ئێرە خۆشترە لەوێ

ئێرە جوانترە لەوێ

لەو ساتانەی پێکەنین رژا، پیاڵە بەتاڵ لە چی!